**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

**ژمارە:** 2 **بەروار:**
**2007/7/11**

---

## بۆ بەڕێز/ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**بابەت/ داواکاری**

ئەوەی نۆزدە ساڵ بەر لە ئیستاو لە 1988/3/16 دا لە هەڵەبجە ڕوویدا ڕوداوێکی ئاسایی‌و سادە نەبوو، کە تەنها ئەو قوربانیانەی لێکەوتبێتەوە کە لەو چرکە ساتەدا شەهید بوون، لەو مێژووە بەدواوە بە تەواوی تایبەتمەندیەکانی شارێك گۆردراو هەزاران کەسی بێتاوان بوونە قوربانی‌و شەهید بوون بە هەزارانی دیکەش بریندارو دەربەدەر بوون کە لەبەر گەورەی‌و خراپی ئەو چەکەی دژیان بەکار هات بەشی زۆری ئەو بریندارانە لەدوای نۆزدە ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر ئەو کارەساتەدا ئێستاش بەو ئازارو ئێشەوە ئەناڵێن‌و وەك ئەوترێت "لە جەنگێکی بەردەوامدان لەگەڵ مەرگدا".

بۆیە ئێستا ئێمە وەك کۆمیتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك داوا لە بەڕێزتان ئەکەین وەك وەزارەتێکی گرنگو تایبەتمەند بەو کارەساتەوە بە جدی ئاوڕی بەپەلە بدەنەوە لە پاشماوەکانی بریندارانی کارەساتی 3/16و خەمو ئازاری 19 ساڵەیان لەکۆڵکەنەوە، ئێمە پێشتر بەهاوکاری کۆمەڵێك ڕێکخراوی ناو هەڵەبجە لەڕێی دوو کەمپینەوە داواکاری بەدەمەوەهاتنی بەپەلەی بریندارەکانمان خستوەتە بەردەم ئێوەی بەڕێزو چەند لایەنێکی تر، بەسوپاسەوە پشتگیری ئێوە بۆ کەمپینی یەکەممان بەرز ئەنرخێنین‌و داواکارین بەلێنەکانی نێو ئەو پشتگیریە بچێتە خانەی جێبەجێکردنەوە بە عەمەلی دڵی خەڵکی بەشمەینەتی هەڵەبجە خۆشکەن.

ئێستا جارێکی دی لە نزیکەوە ئەم داواکاریانەی هەڵەبجە لەڕووی "تەندروستیەوە" ئەخەینە بەردەم بەڕێزتان بەهیوای ئەوەی دیراسەی ورد بکرێت لای بەڕێزتان‌و بەپەلە جێبەجێ بکرێت.

1. لە ڕاپۆرتی پزیشکی لیژنەیەك لەوەزارەتە بەڕێزەکەتان پارساڵ دەرکەوت کە "69" کەس لە بریندارەکانی چەکی کیمیاوی پێویستیان بە دەرەوەی وڵات هەیە بۆ چارەسەر بەداخەوە بەر لەبردنە دەرەوەیان "دوو کەسیان لێ شەهید بوون" ئێمە هیوادارین ئەوکارانەی بۆ ئەوانە کراوە زۆرتر بکرێت‌و کاری جدیان بۆ ئەنجام بدرێت بۆ ئاسایی بوونەوەی ژیانیان، وە لە هەمان ڕاپۆرتدا "138" کەس دیاری کراون کە لەناوەوەی کوردستان پێویستیان بە چارەسەرە بەداخەوە تائێستا هیچ کارێك بۆ ئەوانە نەکراوە بۆیە داوا دەکەین ئێوە ئەم لایەنە بەهەند وەربگرن‌و ئاوڕی جدی بدەنەوە لەو 138 کەسەو کاری بەپەلەیان بۆ بکەن تا باری تەندروستیان خراپتر نەبێت.
2. کامیل عبدالقادر وەیس کەیەکێکە لەبەر کەوتوە هەرە سەختەکانی چەکی کیمیاوی دوو مانگ بەر لەئێستا جارێکی دی باری تەندروستی خراپ بوویەوە ئێمە لەڕێی کەمپینەکەمانەوە داوای نارنە دەرەوەی ناوبراو مان کرد بۆ چارەسەرو هەرچی پێویستیە بۆی بکرێت تاچی زوترە ژیانی بۆ بگەڕێتەوە، بەداخەوە ناوبراو دوای ئەوەی برایە تاران بە پێی نوسراوی پزیشك وڵاتی بەریتانیا بۆ چارەسەری م.کامیل دیاری کرا بەداخەوە ناوبراو تائێستا بە بەهانەی "فیزا"

نەبراوەتە ئەو ولاّتە بۆیە ئێمە داوادەکەین بەڕێزتان لەم ڕووەوە کاری بەپەلە بکەن‌و هەولّی بەپەلە ناردنە دەرەوەی ناوبراو بکەن.

3. ئێستا یەکێکی دی لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە باری تەندروستی زۆر خراپ بووە بەناوی "ئەقلیمە محمد ئەحمەد" کە ناو براو جگە لەوەی لە کارەساتی 3/16 دا بەخەستی بریندار بووە "منداڵێك‌و میردەکەشی شەهید بوون" ئەقلیمە لە 2002دا چاوێکی بۆ دەرهێنراوە بەهۆی کاریگەری چەکی کیمیاویەوە، ئێستا چەند مانگێکە چاوەکەی تریشی بەتەواوەتی لە بینین کەوتوەو بۆ پێویستی بەچارەسەرە دەنا دەبێت ئەو چاوەشی دەر بهێنرێت داوادە کەین هەرچی کاری بەپەلەیە بۆ ئەم خاتوونە بکرێت.

4. لە هەڵەبجە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش هەن بە هەر هۆیەك بێت تائێستا لای وەزارەتە بەڕێزەکەتان ناوی تۆمار نەکردووەو بەئازارەوە ئەتلێنەوە، ئێمە داوا ئەکەین ئێوە ئاوڕ لەوانە بدەنەوەو هەوڵبدەن پرۆفیسۆرو پزیشکی شارەزاو دەواو دەرمان لەدەرەوەی ولاّت بهێنن بۆ هەڵەبجە تا شیکاری وردی ئەو دەردانەی بریندارەکان بکەن‌و ڕێگای دوری دەرەوەی ولاّت بۆ نەخۆشە هەڵەبجەییەکان نزیك بکەنەوە کە ئێمە وای ئەبینین ئەم کارە بۆ حکومەت ئاسانترە لە ناردنە دەرەوەی تەواوی نەخۆشەکان.

5. بەڕێزتان گفتی کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە بەرکەوتوانی کیمیاویتان داوە بە خەڵکی هەڵەبجە بە شارەکەیان بەدڵنیاییەوە ئەوە گرنگی تایبەتی بۆ نەخۆش‌و بەرکەوتوانی کیمیاوی هەیە لە هەڵەبجە داوادەکەین پەلە لەمکارە بکرێت‌و پێشنیاریش ئەکەین هەر ئەو نەخۆشخانەیە وەك پەیمانگایەکی پزیشکی کاری لەسەر بکرێت تا نەوەی شارەزا پێشکەش بە هەڵەبجە بکات بۆ خزمەتکردنی نەخۆش‌و بریندارەکانی ئەوشارە.

بەئومێدەوە ئەم داوایانە ئەخەینە بەردەم بەڕێزتان بەو هیوایەی ئێوە بە وردی دیراسەی بکەن‌و کار بۆ هەرچی زووتر ێبەجێکردنیەتی بکەن.

**ئومێد دەکەین وەفاداریتان بۆ شەهیدانی هەڵەبجەو کوردستان هەرچی زوترە هانتان بدات بۆ زوو جێبەجێکردنی داواکانمان**

**لەگەڵ ڕێزماندا...**

**خەبات نەوزاد عوسمان**

**بەرپرسی کۆمیتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك**

**2007/7/11 ی زاینی**

**20 ی پوشپەڕی 2707 ی کوردی**